ئـــارەزووی ژیـــان لە فەزای مەرگساتدا لە کۆمەڵە شیعری "حەسرەت" ی ئاراس عەزیـــزدا... نووسینی/ عەتا قەرەداخی

لێکۆڵینەوەی ئەدەبی:

حەسرەت دیوانە شیعرێکی ناو جوگرافیای شیعری کوردیە کە ماوەی نووسینی نزیکەی سێ دەیەی خایاندووە، لە کۆتایی حەفتاکانەوە دەست پێدەکات هەتا نزیکی کۆتایی دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەک. واتە دەقەکانی ناو ئەم دیوانە شیعریە هاوشانی زیاتر لە نەوەیەکی شاعیرانی کوردە، هەروەها لە رووی ئەو قۆناغە مێژووییەوە کە دەقەکانی تیادا بەرهەمهاتوون، دیسان دوو سەردەمی جیاواز لەخۆدەگرن، کە ئەوانیش سەردەمی پێش راپەڕین و سەردەمی دوای راپەڕینن. بەگومان سەرباری بەوابوون بەوەی کە داهێنان کاری تاکەکەسی و بابەتی زۆر تایبەتە، بەڵام ئەوەش ئاشکرایە کە واقیعی ژیان چ ژیانی تاکەسیی داهێنەر خۆی بێت، یان واقیعی کۆمەڵایەتی و دەروەی دەق راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر دەق هەیە. بەیە ناکرێت هیچ دەقێکی ئەدەبی بە دابڕاو لەو واقیعەی تیایدا بەرهەمهاتووە خوێندنەوەی بابەتیانەی بۆ بکرێت. بە مانایەکی تر دەماڵەوەت بڕۆیت بۆ خوێندنەوەی دیوانی حەسرەت وەکو هەر دەقێکی تری زیندوو پێویستە ئەو زەمینەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتوریە بناسین کە دەقەکانی تیادا بەرهەمهاتوون. هەبێت ئەمەش بەو مانایە نییە کە دەق کۆپیکردنی واقیع بێت، نەخێر بەڵکو بە مەبەستی زانین و تێگەیشتنە لەو پاشخانە کۆمەڵایەتی و کەلتوری و فیکری و عەقڵی و جواناسیەی کە لە پشتی هەر دەقێکی هونەریەوە ڕاوەستاوە و لە شێوازی جێڕاوجێردا لە ناو دەقدا لە شێوەی هێما، دەلالات، پرسیارو جیهانبینیدا ئامادەبوونی دەبێت.

دیوانی "حەسرەت" لە بیست و یەک دەقی شیعری پێکهاتووەو سالی ٢٠٠٨ بە شێوەیەکی جوان چاپکراوە. بەگومان ئەم دیوانە شیعریە پێش باسکردن لە هەر خاسەتێکی، لە ئاستی بینراودا بە دوو ڕەگەزی سەرەکی بەرهەمهێنانی شیعریەت دەوەستێندە، کە ئەوانیش زمانێکی پاراوی شیعریە لەگەڵ چنینێکی هونەرییانەی وێنەی شیعری، بەجۆرێک

کە وێنەکان لە رووی بەکارهێنانی زمانەوە وەها بەناوێکدا چوون دەقەکان وەکو تابلۆی رەنگاوڕەنگ پێشکەش دەکەن. زمانی بەرزو پاراو و دەوڵەمەندی دەقەکان و وێنەی شیعری یەک بەدوای یەکدا، پێکەوە بەشداری دەکەن لە بەرهەمهێنانی جوانی دەق، یان بنیادی ئێستێتیکی دەقەکاندا، کە ئەوەش سەرئەنجام بەجگە لەوەی بەشداری دەکات لە بەرهەمهێنانی پرسیارەکانی دەقەکان و جیهانبینی شیعری دەقەکاندا، دیسان بەشداریش دەکات لە بەرهەمهێنانی چێژی دەقدا. کەواتە لێرەدا ئەوە روون دەبێتەوە، ئەوەی لەم دیوانەدا لە بەردەستی ئەمدایە کەمێکی دەقی زیندووی شیعریە، کە هەوڵدەدین لە سەربنەمای شیکردنەوەی بنیادی زمانی دەقەکان و لە رونگەی شیعریەتەوە خوێندنەوەیان بکەین و بە دوای ئاشکراکردنی پرسیارەکانی ئەم دەقانەو چۆنێتی ئاراستەکردنیاندا بگەڕێین و لەوەشەوە رووناکی بخەینە سەر جیهانبینی گشتی دەقەکان. لە کاتێکدا دەقەکان لە رووی جیهانبینیەوە بەهێزێک پێکەوە بەستراون و لە دەوری تەوەرێکی دیار دەسووڕێنەوە، کە ئەویش پەیوەندی هەیە بە دالی " حەسرەت " و هەموو ئەو مەدلول و مانایانەوە کە هەیاندەگرێت.

ناونیشانی ئەم دیوانە شیعریە " حەسرەت" ناونیشانی یەکێک لە دەقەکانی ناو دیوانەکەیە. ئایا ئەم ناونیشانە دەبێتە ناونیشانێکی کۆکەرەوە، یان دەبێتە ئەو چەترەی کە جیهانبینی گشتی دەقەکان لە خۆیدا کۆبکاتەوە؟ یان ئایا وشەی حەسرەت دەتوانێت گوزارشت لە جیهانبینی گشتی دەقەکان بکات؟ ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئایا کەی دەقەکان لە رووانگەی ناونیشانی دیوانەکەوە بە رایەڵێکی دەلالی یان واتایی یان مەعریفی ئەوتە پێکەوە بەستراون، کە لە چوارچێوەی ناونیشانەکدا کۆبکرێنەوە، کە ئەو ناونیشانەش تەنیا یەک وشەیت؟ کەواتە با لێرەدا بپرسین ئایا" حەسرت" وەکو یەکەیەکی زمانی کە وشەیە وەکو دالێک چ مەدلولێک هەڵدەگرێت، یان وەکو یەکەیەکی سەرتایی زمان چ مانایەک دەدات یان چ مانایەکی هەیە؟
حەسرەت کە لە بنەڕەتدا وشەیەکی عەرەبیە (حسرة) بەرامبەر بە Repetance, Alas ی ئینگلیزی دێت و ئەم وشەیە بە مانای پەشیمانی دێت ، هەروەک ڕەگوێشەیەکی ئایینیشی هەیەو لە رووانگەی ئایینەوە بە مانای تەوبەکردنیش دێت. بەڵام لە کوردیدا بەجگە لە پەشیمانی بە مانای بەداخبوون بە شتێک کە لە دەستچووە، یان بە کارەساتیک کە ڕوویداوە بەکاردێت. لەم رووانگەیەوە دواتر دەردەکەوێت کە ئەم ناونیشانە تا چ ئاستێک هەڵگری مانای دەقەکانە.
بگشتی دەقەکانی نەو ئەم دیوانە لە چەند خاڵێکدا لێکدەدن و بەریەک دەکەون، کە ئەویش پێش هەر شتێکی تر بەداخبوون و

ئاخەکەشانە بە لەدەستچوونی کەمێک شت کە ئەوانیش بریتین لە جوانیەکانی رابردوو، هاوڕێیان و خۆشەویستان، پەیوەندیە راست و سادەو خاوێنەکانی ئەوسا، وەفاو راستگۆیی، مانا راستەقینەکانی ژیان. کەواتە ئەوەی دەقەکانی نەو ئەم دیوانە یەکانگیر دەکات ئەو هەوڵە سەرکەیەیە کە ئەوی شاعیر، یان قسەکەری دەقەکان لە پگۆیەکدا وێنا دەکات، کە هەموو شتە پە بەهاکانی ژیانی رابردووی و ئیستای لە دەستچووەو هیچ هیواو ئومێدکیشی نییە کە داهاتوویشی لەدەست نەچێت. ئەم لەم پگۆیەدا بەو پێی نیگەرانی و خەمگینیەوە داخ بە ئەو هەموو لە دەستچوونانە هەلدەکێشێت.

ئەگەر شێوەبینەوە بە ناو بنیادی زمانی دەقەکان ئەوە تێبینی ئەوە دەکەین هەستکردن بە تەنیایی و هەستکردن بە نامۆبوون خاسێتکی گشتی دەقەکانە. ئەم هەستکردن بە تەنیاییە بەرەو ئاراستەیەکی ترسناکتر لە هەستی تەنیایی دەکشیت و دەگات بە خاڵی کۆتایی کە مردنە. کەواتە دوو خاسێتی گرنگ لە دەقەکانی ئەم دیوانە شیعریەدا باڵادەستن کە تەنیایی و مردنن. سەرجەم ڕەگەزەکانی تری بنیادنانی دەقەکان لە پێناوی ئامادەکردنی زەمینەو کەشی تەنیایی و لێکەوتەو دەرکەوتەکانیدان. کە ئەمانەش لە ئاستێکی تردا کاردەکەن بە ئامادەکردنی زەمینەیەک کە ئەوی قسەکەری دەقەکان لێبڕدەم مەرگدا ڕادەگرن. واتە گەیشتن بە مەرگێک کە ئەم لە لایەک وەکو ڕزگاربوون سەیری دەکات، بەڵام لەبەرامبەردا هەشتا پەیوەندی ئەم بە ژیانەوە نەپچڕاوەو ئەوە خراپی ئەو بارودۆخەیە کە دەوری ئەویان داوە وای لەدەکەن کە مردن نێک هەڕ بە ئاسایی وەربگرێت، بەڵکو تەنانەت بەجۆرێک وەکو ڕزگارکەر لەی بەوانێت و لە چاوەوانی هاتنیشیدا بێت. لەگەڵ ئەوشدا ئەم هاوکات خوازیاری مانەوەو ژیانە، بەڵام ژیانێکی بەمەرج، ئەویش مەرجی گەڕانەوەی گوڵگرتن و هاتنی ئەوی بەرامبەر، یان ئەوی یار، یان ئەوانی هاوڕێیان، یان مەرجی گەڕینی هەموو شتەکانە بە بارێکی باشتر.

شیعری یەکەم بە ناونیشانی " پاڤە"ە. پاڤە کەسێتی سەرکی ڕەمانی دایکی ماکسیم گۆرگیە، کە نموونەی مرۆڤی خۆاگرو ئازاو کۆنەدەرە، واتە مرۆڤی خاوەن پەیام کە لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجکەیدا تەدەکۆشێت و هیچ هەزێک ناتوانێت بیوەستێنێت. بە ناونیشانکردنی کەسێتیەکی خاوەن پەیامی لەم جۆرە ئاماژەیەکە بە بوونی ئومێدی ئایندە. کەواتە سەرباری ئەوەی لەسەرەوە باسی کەشی تەنیایی و کارەساتی مردنمان کرد وەکو خاسێتی دیاری ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرە، بەڵام لە بەرامبەر ئەوەدا لە ڕەگای بە ئامرازکردن یان بە

کارەستەکردنی کەسێتیکەوە لە بارەمهەنانی ئەم دەقەدا، کە ئەم کەسە هەڵگری پەیامی ژیان و ژیاندۆستیە، ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە ئەو دۆکات ئاسایەک هەیە کە ئاسەی ئایندەو ژیانێکی پڕ لە جوانی و بەهاو سەروەریە وەکو ئەو ژیانەی کە پاڤڵەی پاڵەوانی ڕەمانی دایک بەدواییەوەیە. ژیانێک کە کارو ماندووبوون و کۆشش کردن لە پێناوی درێژە پێدانی ئەو ژیانەدا بەئەنجام بەشەوێکی سەربازانە نێک چەکی پێدانادات بەکەو دەبێتە پاڵەوانو پاڵپشت بە کەنەدان لە پێناوی گەیشتن بەو پەیامەی کە هەیگرتووە.

لە دەقەکەدا هاتووە:
ئەی مرۆڤ مەزنەکە / لەگەڵ ژان و ئازاریشتا / خەمە تاکەکانت، لە پریاسکەیەکی گەورە نابوو / بە لەڕایی ئەو هەورازە سەخت و بەرزە، پە ئەکەنیت./
سەرەتای ئەم کەمەڵە شیعرە بەم دەقە دەست پێدەکات. دەقێک کە بەرجەستەی پاڵەوانێک دۆکات بە ڕووبەووبوونەوەی کەسپ و سەختیەکانی ژیان. پاڵەوانێکی نەبەزیووی خاوەن پەیام. ئەمەش پەیوەست بە ئەزموونی شیعری ئاراس عەزیز، ئەو دەلالەتە هەدەگرێت کە سەرباری کۆشەو گرفتەکانی بەردەم ژیان، هەشتا مرۆڤ لە هەوەدان ناکەوێت و نابەزێت. لەسەر بنەمای ئەو ڕوانینە کە دەگوترێت: دەشێت مرۆڤ تەکبشکێت بەڵام ناشێت ببەزێت. دەشێ مردن ئەو تەکشکاندنە بێت، بەڵام ناشێت مرۆڤ لەبەرامبەر مرداندا ترس دایبگرێت و هەرەس بهێنێت و چەک دابدات و ببەزێت. ئەوەتا دەبینرێت پاڤڵە کە ئەم دەقە بەرجەستەکردنی ئەو و پەیامەکەی و هەوەستەکانیەتی، ڕووبەووی هەموو سەختیەکان دەبێتەوەو بە پەکەنینەوە هەنگاو بەرەو ئایندە دەنێت.
شیعری دووەم " هەم". ئەگەر سەیری ئەم ناونیشانە بکەین کە وشەی " هەم"، ئەوا دەزانین لە ڕووی زانستیەوە هەم دەخی سەیەمی مادیە، واتە لە دوای دەخی ڕەقی و شلی دێت. ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەیر بکەین ئەوا هەم باری پەرش و بڵاویی و ڕەکەف نەکردن و جەوو نەگرتن نیشان دەدات. لە دەقەکەدا هاتووە:
شوێنێ نیە ڕووی تێبکەم / شوێنی نیە مسکێنم بێ / بێ ئەو یەک دوو ڕۆژی ماومە / کەساسێتی تیا بەسەربەم...خوایە چی بکەم؟! شوێنێ نیە ڕووی تێبکەم / یەکەک نیە بێ لەپی دەست / بازنەیەک لە تەمی ڕووی / شووشەی پەنجەرەکەی بسەڵ! / تا بمبینێ / هەر هیچ نەبێ بمباتە ژوور/.
ئەمی قسەکەر خەی وەکو بە نەوایەک پەشکۆش دەکات و باسی ئەوەش دەکات کە تەمەنێکی کەمی ماوەو بە ئەو تەمەنەش شوێنێک نیە تیایدا

بەختەوەری کۆمەڵایەتی و بەدبەختی خەڵکی تیادا بەسەر ببات. تەنانەت تەم وایکردووە هەموو شتەکان بشارنەوە، یان نەبینرێن. تەم پەنجەرەکانی گرتووە و رێگا نادات کەسێک ئەم ببینێت و بیباتە ژوورەوە. وەکو ئاماژەمان بۆ کرد لێرەدا وەنەی بۆ نەوایەک دەبینین. بۆیە سەرباری ئەو بارەی تیایدایە، پشکۆشکردنەکی هەیە بۆ هەر کەسێک کە بیباتە ژوورەوە، ئەویش ئەوەیە کە شیعری بۆ بخوێنیتەوە. ئەم لەم بارە ناهەمواریدا باسی ئەوە دەکات کە لە ژیانیدا دوو شتی زەر گرنگی نەبینیووە کە ئەوانیش خۆداو بەختیارین. خودا بوونێکی نەبینراوە و لە رێگای کارەکانیەوە هەستی پێدەکرێت. هەروەک بەختیاریش هەستی پێدەکرێت و مرۆڤ تیایدا دەژی، بۆیە ئەویش بوونێکی رەژەیی و بوونی لە دەرەوەی ئیرادەی مرۆڤ خۆیدایە.

من دوو شتم نەبینیووە / خواو بەختیاری/ …دایکم دەیگووت رۆژی کەڵە / ئەو رۆژەی تۆ بە یەکەم جار…/ گریەت ناخی هەراو ژاوەژاوی/ دنیای جەنجاڵ!/ هەر ئەو رۆژەش،/ (گەدەش لە نەو دەی بەکەت لە دایک بوو./

ئەم دایکی بە کۆڵە ناوی دەبات. ئەمەش سەرنجمان بۆ بوونی پێشینەیەک لەو بارەوە سەبارەت بە رابردوو هەروەها چارەنووسی ئەم رادەکشێت. ئایا ئەم لە قەدەری نووسراوە کە کەسێکی کۆڵە و کەساس و بەدبەختە، یان لە دایکبوونیەوە رووداوی کارەسات و بەدبەختیەکان پەیوەست بەم ئەوەیان سەلماندووە، کە ئەم کەسێکی کۆڵە. دایکی دوو بەگژ بە کۆڵیەکەی ئەم دەهێنێتەوە، یەکەمیان ئەوەیە ئەگەر ئەم کەمە زووتر لەدایک ببووایە، ئەوا خودای دەبینی، دووەمیان ئەم و پاڵەوانی شانامەی لە " چاوەڕوانی گودۆ"دا لە یەک رۆژدا لە دایکبوون. هەڵبەت بینینی خودا جەرەکە لە خەیاڵ، هاوشێوەی ئەو خەیاڵەیە کە شیعر بەرهەم دەهێنێت. هەربۆخۆی خەیاڵکردن لە بینینی خودا شیعریکی نەگوتراوە، واتە دەقێکی شیعری بیر لێنەکراوەیە.

گودۆ نموونەی کەسێتی دیار یان پاڵەوانی ئەدەبی بەهودەیە. واتە ئەم کەسێتیە بەرجەستەی ئەو جیهانبینیە دەکات کە ژیان هیچ بەهایەکی نییە و مرۆڤ توانای هیچ گۆرانکارییەکی نیە مادەم بوونێکی بیار بەدراو و بۆکراوە نەک بوونێک خۆی بیاری چارەنووسی خۆی بدات. واتە ئەم کەسێتە نموونەی بەرجەستەی ئەو ئاراستە بیرکردنەوەیە کە پێی وایە بوون و نەبوون هەمان شتن و مرۆڤ بە خۆی دروستکراوێکی بە ئاسۆو بە ئایندەیە مادەم هەمیشە لەبەردەم مەترسێتی مەرگدایە. ئەمەی قسەکەرو ئەم پاڵەوانە بەناوبانگەی ئەدەبی بەهودە لە یەک رۆژدا لە دایک بوون. ئەمەش بە ئەوەیە کە پەمان بۆت ئەمیش هەمان شێوەی گودۆ هەڵگری پەیامی

بەدبەختی و کەڵکی مرۆڤ و بە مانایی ژیانە، بۆیە چاوەڕوان ناکرێت ئایندەیەکی گەش یان ئاسۆیەکی روونی هەبێت. هەر لە راستیشدا لە رونگەی ئەم جۆرە کەستێوە شتێک نییە ناوی ئایندەو ئاسۆی گەش بێت. کەواتە ئەم هەمان شێوەی گەدە لە بوونیدا ماکی بەدبەختی و کەڵکی و چارەڕەشی هەڵگرتووە. خۆی هەر لە راستیشدا لە روانگەی گەدەوە هەموو مرۆقایەتی بەو رەگەزە ترسناکانە بارگاوی کراوە کە ماکی وێرانبوون و مەرگیان هەڵگرتووە. لەبەر ئەوەی ئەم و گەدە لە رەژەکدا لە دایکبوون و گەدەش هەمای بە ئومێدی و بە هیوایە، بۆیە وای بۆ دەچێت کە هیچ هیواو ئومێدێک نەبێت بۆ ئەوەی ئەم بە بەختیاری بگات. گەدە ئەو کەسایە، یان ئەو هەمایەیە یان ئەو شتەیە کە هەرگیز نایەت و بۆ هەتا هەتایە چاوەڕوانی هاتنی دەکرێت. ئەم بەختیاری خۆی دەچوێنێت بە گەدە، واتە بەختیاری ئەمیش شتێکە هەرگیز نایەت و نایبینێت.

شیعری سێیەم (چەڵەکەی بەجەماوی ئەوارانە). قسەکەر باسی ئەوە دەکات کە سەرەی مردنێتی و داوا لەوی بەرامبەر، یان داوا لە یار دەکات کە نزیک بێت لێی چونکە هیچ لەبارەی ئایندەی خۆیەوە نازانێت، تەنیا ئەوە نەبێت کە دەزانێت مردن لەبەر دەرگا چاوەڕوانی دەکات. بە مردنی خۆیشی فرمێسک و گریان و شین و لاواندنەوە رێت دەکاتەوە. بەگومان ئەم خۆی وەکو شاعیر دەناسێنێت بەناو شاعیرێکی کەساس. واتە ئەم بەردەوام خۆی بە لاوازو بە تواناو ناکارا پێشکەس دەکات. مەبەست لەوەش وەناکردنی تەنیا خۆی نییە وەکو تاکەکەسێکی ناکاراو بە توانا، بەڵکو خۆی وەکو نموونەیەک بە هەموو مرۆقایەتی پێشکەش دەکات و ئەوە دەخاتە روو کە مرۆڤ بە گشتی بوونەوەرێکی ناکاراو قەدەریەو خۆی خاوەنی هیچ بڕیارێک نییەو لە دەرەوەی خۆی بڕیاری بە دەدرێت، ئەمەش هەکاری کەساسی و چارەڕەشی و بەدبەختیەکانێتی.

لەم دەقەدا هاتووە:
سەرەی مەرگمە ، نزیک بە لەم! / ئەشکم ناوە.. سنگ کوتان و شینم ناوە/.. نزیک بە لەم، مردن نەبە../ من هیچ شتە لە سبەینەی خەم نازانم / من حەزدەکەم وەک چەڵەکەی بەجەماوی ئیوارانە../ رووبکەمە بەرزترین چڕی دارتووی حەوشەکەتان / تەف و سەرمای چاوەڕوانی کەتم بکاو رەق ببمەوە.../ نزیک بە لەم وا ماهیچڕی هەموو لەشم پوکایەوە/ نزیک بە لەم، خەم دەزانم گەر گیان دەرچە و تەم لا نەبی/ گەورەترین شاعیریش بم/ بەسەرتاپای شیعرەکانم غەریب دەبم./
ئەم نایەوێت مردنێکی ئاسایی بمرێت، بەڵکو دەخوازێت وەکو

چەکەیەک بفڕێتە سەر بەرزترین چڵی دارتووی حەوشەکەی ماڵی یارو لەوە ڕاق بێتەوە بە هەمیشە لە بیربچێتەوە. ئەم باسی ئەوە دەکات کە لە بەردەمی مەرگدا لاشەی دەپووکێتەوە، ئەوەش سەرەتای مەرگە. بەڵام لەم ساتەدا داوا لەوی یاردەکات کە نزیک بێت لێی، ئەوەش بە ئەوەنا کە ڕەگا لە مردنی بگرێت، بەڵکو بە ئەوەی بە شیعرەکانی خۆی نامە نەبێت. کەواتە ئەوی یار هەکارە بە ئەوەی ئەمی شاعیر لە دوای مردنیشی هەشتا لەگەڵ شیعرەکانیدا بژی. ئەوەی لێرەدا ئاشکرایە ئەم لە چاوەڕوانی مەرگدایە و لەو مەرگەش ناترسێت، بەڵام جۆرێکی تایبەتی مردنی دەوێت. مردن بە ڕەقبوونەوە لە سەر چڵی دارتوو، بە مەرجەکیش ئەوی یار لە تەنیشتیدا بێت. لێرەدا دەشیا لەبەرامبەر ئامادەبوونی مردندا ئەوی یار، یان ئەوی کەسی دووەم وەکو رزگارکەری ئەم لە مردن پشکەش بکرایە. لە بارێکی وەهاشدا دووانەیەک دروست دەبوو وەکو دووانەی ژیان / مردن. بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە تەنیا گریمانەیەکەو ئەمە دامان ناوە. ئەگینا لە ڕاستیدا لە ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرەدا دووانەیەکی لەم جۆرە لە ئاستی بینراودا دروست نابێت و ژیان لە هەر چرکەساتێکی ژیانی ئەوی شاعیر، یان قسەکەری دەقەکاندا لە لایەن مەرگەوە هەڕەشەی لە دەکرێت و هیچ بەربەست و ڕەگرییەک لە بەردەمی مەرگدا نییە. کەواتە لە شیعری ئەم شاعیرەدا جەمسەری مەرگ و کەی ئەو ڕەگەزە زمانیانەی کە باسی مەرگ دەکەن و دەخی مردن بەرجەستە دەکەن، باڵادەستن بەسەر جەمسەری ژیان و کەی ئەو ڕەگەزە زمانیانەی لە دەقەکاندا کەشی ژیان و ژیندەستی ئامادە دەکەن. لێرەدا تێکشکاندنێک لەو لۆجیکە دایلێکتیکیەدا هەیە کە هاوسەنگی، یان لەبەرامبەر یەکتر وەستانی نێوان دووانەی ژیان و مردنە. کە لە ئاستێکی تردا دەتوانین بە لەبەرامبەر یەکتر وەستانی ئیرەس و ساناتەس باسی بکەین، کە دەشێت ئەم پەیوەندیە لە ئاستێکی تردا لە شێوەی دووانەی دژ یان دووانەی بەرامبەری ژیاندەستی / مەرگدەستی-دا دەربببڕێت. لێرەدا ئیرەس یان ژیاندەستی سەنگەری بە ساناتەس یان مەرگدەستی چەل کردووە. ئەمەش لەخۆیدا تێکدان یان تێکچوونی هارمۆنیای سروشتە، چونکە هاوسەنگی نێوان ئەم دووانە دژەو دووانە دژەکانی تر ئەو هارمۆنیایە دروست دەکات کە گەردوونی بە هاوسەنگی ڕاگرتووە.

شیعری چوارەم (ئەوارانە هەست بە پیربوونی خەم دەکەم!). ئەم دەقە لەسەر بنەمای دووانەی بەختیاری/ خەم، گەنجێتی / پیرێتی، ژیان/ مردن بنیادنراوە. ئەوی شاعیر وا دەبینێت کە جەمسەری یەکەمی ئەم دووانانە جگیرن و لە ڕووی ڕاستیەوە پەیوستە لە هەموو کەسێکدا هەبن، یان هەموو مرۆڤێک ژیان و گەنجیتی و بەختیاریی هەبێت. کەچی

وەکو دەردەکەوێت ئەو هیچ کام لەم شتانەی وەکو ئەوەی پەیستەو دەبەت نییە. بەڵام جەمسەری دووەمی دووانەکان باڵی بەسەردا دەکەشێن. ئەو خەمبارە، هەست بە پیرەتی دەکات و لە ئەنجامی پیرەتیشدا ئاراستەی جوڵە بەرەو مردن و کۆتاییهاتنە. ئەوەی تێبینی دەکرێت لای ئەم خەم شتێکی خواستراو نییە، هەروەک ناشێت وەها سەیر بکرێت کە خەم دەرئەنجامی رووداوێک، یان بارودۆخی تایبەتی ژیان بێت، بەڵکو خەم لای ئەو خاستەکە لە منداڵیەوە لەگەڵیدا دەژی کە ئەو دەیچوێنێت بە پەرکەمێک کە لە منداڵیەوە لەگەڵیدایە کە دەشەوکو خاستەکی بەماوەیی سەیر بکرێت.
هەروەک ئەم خەی بە کەڵە و چارەڕەش باس دەکات و وەکو شاعیریش هەموو تەمەنی خەی بە شیعری تەماوی وەسف دەکات. وریاییش دەدات بە هەموو ئەوانەی کە حەز لە شیعری ئەو دەکەن، یان ناو، شەو، ڕەنگیان لەو دەچێت، دەبەت بزانن هەموویان کەڵە و بەدبەختن و خەم و داخ پیریان دەکات، واتە بەرەو مەرگیان دەبات. ئەم سەرباری ناکارایی و هەست بە پیری کردنی خەی هیوایەکی هەیە، بەڵام داخی ئەوە دەخوات کە ئەو هیوایەی بەدینایەت، ئەویش داخی ئەوەیە کە ناگاتە بەرزاییەک هەتا لەوەوە ئەوی بەرامبەر دوور یان نزم ببینێت و لەبەرامبەریشدا ئەو ئەم بەرز ببینێت. کەواتە لەڕەدا ئەوە ئاشکرا دەبەت کە ئەم سەرباری خەم و سەرباری هەست بەپیری کردن، بەڵام دەخوازێت پێش ئەوەی بمرێت بگاتە بەرزایی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تا ئێستاس ئەو لە نزماییدایە، واتە ئەگەر بەرزایی/ نزمایی وەکو دووانەیەک دابنێین، ئەوا دیسان ئەو لەباری، یان لە جەمسەری نزم یان نەگەتیفدا ماوەتەوە. کەواتە لەم دەقەشدا وێنەی کەسێتیەکی نەرێنی، یان ناکارا بەرجەستە دەبەت کە بە ئومێدی و ڕەشبینی باڵی بەسەردا کێشاوەو ئەویش بە هیچ هیواو ئومێدیک بەرەو کۆتایی یان مردن دەچێت.
شیعری پێنجەم (دەمەو شەفەقێکی بارانماوی)ە.، لەم دەقەدا قسەکەری شیعرەکە باسی خەی دەکات کاتە تەمەنی بیست ساڵی تێپەڕاندووە. ئەو لەم تەمەنەدا هەست بە تەنیایی دەکات و ئارەزووی مردن دەکات و دەیەوێت تەمەنی بەردەوام نەبێت. ئەو هەر لە منداڵیەوە هەستی بە پایزو خەزان کردووە، واتە بە منداڵی پیر بووە، بۆیە نایەوێت بە کردەوە بگاتە تەمەنی پیری. ئەو هەکاری گێشتنی بەم بارەی تێدایە ئاشکرا دەکات. کاتێک دەڵێت:
شەوانی من گیرخواردن و ڕەون بوونی ناو ئێشکەوتە!/ شەوانی من دەزەخێکی بی سروەتە / ناڵەم وەکو لووڕەی گورگی قەراخ شارە / شەوانی من وەستگەیەکی پڕ ئازارە!/ من بە ڕەژیش، دارێک، ماڵێک، نیشانەم / تا خانووکەم لە تێکنەچێ! کە ئەوەندە کەڵەوارە؟!

ئەم باسی خراپی ئەو بارودۆخە دژکات کە تیایدایە، بارودۆخێکی پڕ لە ئازارو ژانە. هەکاری گەیشتنی خێیشی بۆ باروخۆخە ئاشکرا دژکات. ژیانی پڕ لە ئازارو ژان و چەرمەسەری وای لێکردووە هەر بە گەنجی هەست بە پیری بکات. ئەو هیواخوازە هەر لە ئێستادا مەرگ بێت و بڕەو هەناوی خێیی ببات. ئەم ناڵەو هاواری خێی دژچونێت بە لووڕی گورک. گورگ زیاتر لە برسا دڵوڕنێت، واتە ئازاری برسێتی وای لە دژکات بڵوڕنێت. دژشێت نزیکی لە نەوان سەرچاوەی ئازارکانی ئەم و سەرچاوەی ئازارکانی گورگدا هەبێت. ئەمەش لە راستیدا بە زیاتر خراپ نیشاندانی ئەو بارودۆخێیە کە تیایدایە.

هاوشێوەکردن، یان لێکچواندنی سەرچاوەی ئازارکانی مرۆڤ لەگەڵ ئازارکانی گورگدا لە ئاستی بینراودا لێچواندنکی ئاسایین، بەڵام لە ئاستی قووڵدا لێکچواندنی ئازارکانی مرۆڤێک کە زیاتر وەکو قوربانی دەردەکەوێت لەگەڵ ئازارکانی دەندێکی وەکو گورگدا ناجێر دەردەکەوێت. بەڵام دیسان ئەو دڵاڵەتەش هەڵدەگرێت کە ئەگەر مرۆڤ خێی بداتە دەستی غەریزە ئاژەڵیکانی، دژشێت رووی گونجاو بە لێکچواندنی گورگ بێت. بەڵام ئەم ئێستا لەبارودۆخێکی زەر خراپدایەو سەرباری لێکچواندنی سەرچاوەی ئازارکانی بە سەرچاوەی ئازارکانی گورگ، ئەم بە تەواوەتی وەکو قوربانێک دەردەکەوێت و هیچ خاسێتکی نەرێنی نییە. بەڵکو ئەم تا ئەو ئەندازە ناکاراو لاوازو بە توانایە، ناتوانێت بە باشی شوێن بناسێتەوە، کە مەبەست شوینی خێیەتی، واتە مەڵکەی. واتە ئەم گەیشتووەتە قەناغکی ترسناک لە ژیانی خێیدا، ئەویش قەناغی نەناسینەوەی شتکانە، ئەوەش سەرەتای ونبوون و ڕەگاکردنە بڕەو نادیارو لەناوچوون.
ئەو دەڵێت: دەترسم پیریش ببینم،/ ڕۆژە یەت، مەرگ تیایدا یەخەم بگرێ!/ کەی دێ؟ کەی دێ؟ مەرگ کەی دێ؟
لێرەدا بە ئاشکرا دیارە کە ئەو نەک هەر چاوەوانی مەرگ دژکات، بەڵکو دژخوازێت مەرگ بە زوویی بێت و پێش ئەوەی پیربێت بڕەو نادیاری ببات. کەواتە لێرەشدا کەشی مەرگ و مەرگدەستی ڕووبەری ئەم دۆقەی داگیرکردووەو ڕووبەری ژیاندەستی تەواو تەسک بووەتەوە.
شیعری شەشەم (پووش) باسی هەست بە نامۆیکردن و تەنیایی دژکات لە سەردەمی لاوێتیدا. هەروەک باسی ئەوە دژکات کە ئەم وەکو شاعیر بە دیوانە و عاشقکە هیچ کەسێک لەگەڵی بڕدەوام نابێت. ئەوەش هەکاری سەرەکی هەست بە نامۆیکردن و تەنیایی ئەوە. شیعرەکانیشی دەربڕینی ئەو بارە ناهەموارو پڕ لە کەسەر و ژانەیە، کە بۆ تەمەنە کەمەوە کە بیست ساڵانە تیایدا دژی. ئەو دەڵێت:
من گەنجتیم غەریبکی ئاوارە بوو/ لە نەو کەشی سەرماو سەڵی

تەنهایدا ڕەق بووەوە/.. من تا ئێستا ئەو شاعیرە بە دیوانەم/ هیچ خانمە.. دوانزە مانگی ساڵی عەشق/ لەناو دەما تەواو ناکا../ شیعرەکانم باسی خەم و مەرگ و پایزانە!/ هەمووی باسی کەساسەتی، ڕەژەکانی شاعیرەکی بیست ساڵانە./
لەڕەدا کەسەکی تەمەن بیست ساڵان دەبینین، کە لە باری نامەیی و تەنیایداو شیعرەکانیشی گوزارشتکردنە لەو بارە ناهەمواری تیایدا دەژی، کە فەزای تاریکی و بە ئومێدی و خەم و پایزو خەزان دەقەکەی داگیر کردووە، کە هەموو ئەمانەش دەلالەتی کەوتن و مردن و لەناوچوون هەڵدەگرن. ئەم هەکاری ئەو بارە ناهەمواری دەگێڕتەوە بە ڕابردووی خەی. ئەم گەنجێتیەکەی وەکو غەریبەکی ئاوارە وابووە هەرگیز خەی لە ئامێزکی گەرمدا نەبینیووە و سەرباری ئەوەی کە ئەم خەی وەکو شاعیر دەناسێنێت، بەڵام تا ئیستا شاعیرەکی بە دیوانە. بەگومان شاعیر لە ڕەگای بەرهەمەکانیەوە دەناسرێت و ئەو بەرهەمانەش لە ڕووی ڕاستیەوە دەبێت لە دیواندا بن، چونکە دیوان تەماری شیعرو مەژووی هەست و خەیاڵ و سەزە ڕاستەقینەکانی ئەوی شاعیرە. کاتێک ئەم دیوانی نەبێت، واتە ئەو تەمارەی نییە. ئەمەش بە گوێرەی ئەوی شاعیر جارەکە لە کەموکورتی. ئەم خەمەکی لەوە گەورەتریشی هەیە، خەمی نەمانەوەی هیچ خانمێک لەناو دەیدا، واتە ئەم ئەگەر وەکو عاشق سەیری خەی بکات، کەشەی گەورەی ئەوەیە هیچ مەعشوقێک دریژە بە عیشق نادات لەگەڵ ئەمدا. ئەمەش بەخەی خەمەکی وەرانکەرەو دەشێت سەرچاوەی هەست بە نامەیکردن و ئاوارەبوونەکەی بێت.
شیعرەکانی ئەم گوزارشت لەو خەم و نیگەرانی و نامەیی و تەنیایی و کەساسی و بەدبەختیانە دەکەن، ئەم بەم تەمەنی بیست ساڵانەوە تیایدا دەژی. کەواتە سەرچاوەی هەموو ئازارەکانی ئەم تەنیایە، تەنیایی ئەمیش دەرئەنجامی شکستی عیشقە. بەڵێ هیچ خانمێک ناتوانێت وەکو مەعشوقەی ئەم بمێنێتەوە؟ گرفت لای ئەوانی خانمانە، واتە ڕەگەزی بەرامبەر، یان گرفت لە بوونی ئەمدایە؟ بەگومان مادەم هەموو خانمەکان بە زووبی ئەم بەجێدەهێڵن، کەواتە ئەم ناتوانێت ئەو عاشقە بێت کە دەی ببێتە واری عەشقەکی هەتاهەتایی و مەعشوقەیەک بە هەمیشە ئاوەدانی بکاتەوە. لەڕەوە دەشێت سەرچاوەی سەرەکی هەست بە تەنیاییکردن و نامەیی و ئازارو ژانەکانی ئەم، پەیبردنی خەی بێت بەو هەکارەی کە ناتوانێت پارێزگاری لە عیشقەکی هەتاهەتایی بکات.
شیعری حەوتەم (باکلەر)ە، کە تیایدا دەڵێت: سنگم تەنگە، سیەکانم پڕ حەسرەتن!/ تەزو گەردی ئازارەکم هەڵمژیوە../ قورس و دەرین!/ سنگم تەنگە، من کەڤناری ئەم زمانەم!/ کوا سروەیەک

سیبەکانم فڕنک بکات؟! کوا سروێەک لە ئازاری / باکلەری ئەم تەمەنە رزگارمکات؟!/ سنگم تەنگەو سبەی دەمرم!/..خەم دەزانم ئەو ڕۆژانەش / کە خەڵکی دەڵێن بە دیدەنی مردووەکانیان / تەنها منم / تاقە گەڵی بە هاودەمی گەستانم/.
لەم دەقەدا باسی بە دڕەتانی و خراپی باری خەی دەکات، کە ناتوانێت هەناسە بدات. هەکارەکێیشی ئەوێیە کە سیبەکانی پەن لە حەسرەت و ئاخ و ئەف. ئەویش دەرئەنجامی ئازارو ژانی رابردووە. زەمانە لەگەڵ ئەم دەست نەبووەو ڕۆژە لە ڕۆژان لە بەختی ئەم نەگەڵاوە، بەڵکو هەمیشە لە دژی ئەم بووە. ئەم هەناسە تووندی و بە دڕەتانیەی ئەم دەرئەنجامی بە مرۆەتی زەمانێیە. ئەم لەم بارودۆخە ناهەمواریدا دەخوازێت سروێەک، هیوایەک، تروسکەێەک بێت و رزگاری بکات، بەڵام ئەوە ڕووندات. ئەم پێشبینی ئەوە دەکات ئەو بارەی تیایدایە بڕەو مردنی ببات. دەترسێت نە لە کاتی مردندا کەسەک هەبێت لەی بپرسێت، نە لە گەستان کەسەک هەبێت سڕدانی بکات. ئەم خەمی ئەوێەتی هەر چەن لە ژیاندا تەنیا بووە، لە دوای مردنیشی گەڵکی بەکەس بێت. دیسان هەمان فەزای تەنیایی و ناکارایی و پایزو خەزان و مەرگەسات باەی بەسەر جوگرافیای گشتی ئەم دەقەدا کەشاوە. واتە وێنەی کەسێتیەک بڕجەستە دەکات کە لە تراژیدیای تەنیاییەوە بڕەو تراژیدیای مەگ و بڕەو تراژیدیای وێنبووونی نەو گەستان دەچێت. واتە ئەم دەقە وەک ئەتەبایگرافیای ووێنبوویەک یان کەسەکی بی شوناس، وایە کە لە ژیاندا نێیتوانیووە هەناسەیەکی ئاسودەیی هەبمژێت و دەترسێت دوای مردنیشی کەس لە گەڕەکەی نەپرسێت و لە گەستانیش گەڵکی تاک و تەنیا و بەکەس بێت.

شیعری هەشتەم(قەناعەت). لەم دەقەدا دەڵێت:
خەر ئاوابووونەک دەرکەوە / ئەستا ناخم،/ ئەشکەوتەکە بە سەروبن!/ چەند هیوای گەنجێتیمی تەدا مردن!/ ..ئەستا دەم / سارایەکە ڕووتەن و چەە / خوەنی وشکی تیا دەپرژە / ئەستا پیرەکی پەککەوتەم!/ وەکو جاران توانام نییە / ..خەر ئاوابووونەک دەرکەوە / من نامەوە ئەوە بمەرم / دەتەنگ و مات!/ نەگەیبمە قەناعەتە،/ هەر بە ساتە بەختیارمکات!/
ئەوی شاعیر لەم دەقەدا داوا لە کەسی دووەم دەکات ئامادەبێت گوەی بە رایەڵیەت، تا ئەم باسی خراپی باری خەیی و بە توانایی و ناکارایی خەیی بە بکات، کە وەکو پیرەکی پەککەوتە خەی نمایش دەکات، یان هەر لە راستیدا وا دەردەکەوێت، چاوەڕوانی کەوتن یان لە دەستچوونی ئەندامانی جەستەی خەی و مردن و کەتایی بکات و ئەمانەش بە ئەوی گوەگر باس دەکات. ئەو دەزانێت دەمرێت بەڵام

نایەوێت ئەمڕۆ بمرێت، چونکە نەگەیشتووەتە ئەو قۆناغەتەی مردن بەجۆرێک جۆتەوازی بکات. دیسان لەرشدا کەستێکی ناکارا لەبەردەمی مەرگدا دەبینرێت و رەگەزەکانی دەقەکەش بە وشەو و وێنەوە بەرجەستەی ئەو باری ئامادەبوونە بە کەوتن و مردن دەکەن.

شیعری نەیەم (تەز). شاعیر ئەم دەقەی بە دووری هاوڕێیەکی خەی نووسیووە لە تەمەنی بیست و دوو ساڵیدا، کە تیایدا باسی خەم و نیگەرانی خەی بە دووری ئەو هاوڕێیە دەکات و ناڕاستەوخۆش لەوە دەدوێت کە چەند پەیوستی بەوی هاوڕێیەتی. هەروەها باسی ئەوە دەکات کە چۆن کاتە ئەوی لەلا نەبێت خەم سەر دەژەنێتە ڕەحی و گەنجی لەناو دەبات و سەرئەنجام بە بە ئەو دەمرێت و کەسکیش نابێت بەتەنگ تەرمەکەیەوە بێت. ئەو دەڵێت:

تەم لە لا نیی، وا لەرەدا ڕاوەستاوم!/ دەڵوانمە (پە کوڕ)ی خەم!/
دەغڕ و دانی ئەم گەنجیەم وەران دەکا!/ کە دەمگاتێ؟ سەر: تەزاوی!
سیی: سیلاوی!/ پەنجەش وەکو بامەی زەردی بەر خەزەتاو!/ کە دەمگاتێ؟
کە حەز بە نیهالی غوربەتی من دەکا؟!/ تە لە لام نیی، من دەمرم و
کە بەزی دە../ لاشەم لەسەر تاتە شۆری مزگەوتەکا درێژ بکا؟!!
لەرەدا دووری هاوڕێیەک هەکارە بە هەست بە تەنیایی کردن، کە ئەوەش دەبێتە هەی لاوازی و ناکارایی کەسی قسەکەرو لە ڕەگای چەندین وێنە و دەربڕینەوە ئەو باری لاوازی و ناکارایێی خەی بەرجەستە دەکات و سەرئەنجامیش باسی پەگەی گرنگی هاوڕێکەی دەکات لە ژیانی ئەمدا، بەجۆرێک کە دوور لە ئەوی هاوڕێی، خەی لە وێنەی مرۆڤکەی لاوازی خەمباری نامەدا نیشان دەدات، کە ئەگەری ئەوەی نییە خەی لەبەردەم باری قورسی ژیاندا ڕابگرێت. ئەم باسی ئەوە دەکات کە دووری ئەوی هاوڕێی هەر چۆن بووێت هەکاری سەرەکی تەنیایی و نامۆیی ئەم، دەشێت نەتوانێت بە ئەو لەسەر ژیان بەردەوام بێت، هەربۆیە دووری ئەو دەبێتە هەی مردنی. بەڵام خەمی گەورەشی ئەوەیە کاتێک دەمرێت کەسێک نییە بایەخ بە جەستەی بە گیانی بدات. یان لە ڕاستیدا کەس بەزی نایێت خەی بکات بە خاوەنی لاشەی مردووی ئەم. ئەمەش لە ڕاستیدا لە لایەک ترسی ئەو نیشان دەدات کە لە مردنیشدا کەس بەفریای نەکەوێت. لەلایەکی ترەوە وێنەی کەستێکمان بە بەرجەستە دەکات کە بەردەوام خەی لە دەرەوەی کەمەگا دەبینێت و هیچ متمانەیەکی بەوە نییە کە دوای مردنی بایەخی پە بدرێت. لە کاتێکدا لە کەمەگاکەی ئەودا وەکو کەمەگایەکی نەریتی ڕژهەاتی، ئەوە ئەرکی کەمەایەتی و ئایینی خەکە بایەخ بە تەرمەکەی بدەن. لەرەوە سەرباری ئەوەی کە دەزانین هەست بە تەنیاییکردن خاسێتەکی

ئەنتەلەجیانەی مرۆڤ هەموو کەسێک بەجۆرێک لە تەنیایدا دەژی، بەڵام هەندێکی سەرکی ئەم هەستکردنەی ئەمی قسەکەری شیعرەکە لاوازی ئاستی کەمڵایەتیبوون و بایەخنەدانە بە پەیوەندیە کەمڵایەتیەکان، کە ئاوەش دیوارێکی گەورەی لە نێوان ئەم کەستەو دەوروبەردا دروستکردووەو ئەم بەردەوام وێنای خەی بەجۆرێک دەکات کە لە بیابان و چڵوانیدا بژی.
بەگومان ئاشکرایە کە هەست بە تەنیاییکردن پەیوەندی بەوە نیە مرۆڤ لە کۆ و لەگڵ کە دەژی، چونکە هەستی تەنیایی شتێکە لە بوون و ماهیەتی مرۆڤدا هەیە، بەڵام بە ئاستی جیاواز. ئەو هەستە لای قسەکەری ئەم دەقە شیعریانە وا وێنا دەکرێت کە هەستێکی بەهێزی ئەوتەیە، دیوارێکی پتەوی بەدەوری ئەم کەستەدا دروستکردووەو لە دنیای دەرەوەی خەیی دابڕووەو کردوویەتیە بوویەکی نامۆ و تەنیا.
شیعری دەیەم (پڕروو). ئەم دەقە شیعریە وێنەی کەسێک بەرجەستە دەکات لە ماڵیکی کۆن و دڕگا شۆڕ و شیەو داگیرکراو بە بەنی کونج و زڕاب و سیخناخ بە قیڕەی بەقی چەمدا دەژی. ئەو کەسێکی بەکەس و تەنیایە، لە نێوان مردن و ژیاندا لاشەیەکی ساردو سڕە. ئەو دەمرێ، بەڵام پێش مردنی ناتوانێت شیعرەکانی بە گەڵە ئەستێرەیەک بخوێنێتەوە.

سەرئەنجام شیعرەکانی دەبن بە قاڵەنچەو دەفڕن. لەم دەقەدا هاتووە:
ئەو ساتەی کە هەشتا بەنی کونج و زڕاب/ عەتری قژی شەوی چوار دەور ژوورەکەم!/ ئەو ساتەی کە هەشتا قیڕەی بەقی چەم دە../ وەرنە سەرم! ئای دەمبینن!/ بەکەس تەنها! لاشەیەکی ساردو سڕم! پێش ئەوەی چوار شان/ هەڵمبگرن بە گەرستان/ ئەو شیعرانەی کە ناتوانم/ شەوانە بە پڕرووەکی بخوێنمەوە/ هەموو دەبن بە قاڵەنچە/ یەک لە دوای یەک قاڵەنچەکان فەکە دەکەن!!/
لەڕدا کەش و هەوای مەرگ جوگرافیای دەقەکە داگیردەکات. کاتە ئەم کەسە خەی دەمرێت، شیعرەکانی بەشوەیەکی نالەجیکانە دەگۆڕن بە قاڵەنجە. ئەمە کە دیمەنێکی لەم جۆرە دێتە پێش چاومان، دەشە راستەوخە خەیاڵمان بە لای پاڵەوانی ڕەمانی میتامۆرفیسی کافکا بچێت. سەرباری جیاوازی گەڵاوەکان لە ڕەمانەکەو لەم دەقە شیعریەدا، کە لە ڕەمانەکەدا مرۆڤ دەگۆڕێت بە قاڵەنچە کە ئاوەش دەلالەتی بە بەهابوونی ژیانی مرۆڤ هەڵدەگرێت. لەڕدا شیعر دەبن بە قاڵەنچە، واتە لەکچوون لە نێوان شیعرو مرۆڤدا دروست دەبێت کە هەردووکیان دەگۆڕێن بە بوونەوەرێکی ناشیرین و بە بەها. هەروەک لە لایەکی ترەوە گرنگی و بایەخی شیعر دەردەکەوێت کە دەبێتە هاوتای مرۆڤ. ئەگەرچی لە ئاستێکی قوڵتردا لە روانگەی روانینی ئەدەبی

بەهودەوە مرۆڤ و ژیانیش بەهایەکی ئەوتۆیان نییە. هەربۆیە بەردەوام لە دووانەی ژیان و مردندا لەم روانگەیەوە جەمسەری ژیان دەبڕێت و مردن بەادەست دەبێت، کە ئەمەش لە رووی راستیەوە ئاراستەیەکی بەادەست نییە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا، چونکە مرۆڤ ئەو بوونەوەرە ژیرەیە کە ئەرکی بنیادنانی مرۆڤایەتی بە هەموو رەهەندەکانیەوە لە ئەستۆیە. هەربۆیە دروست ئەوەیە کە مرۆڤ بە ئاسانی خۆی نادات بەدەستەوەو چەک دانادات و تا لە توانایدا بێت لە رووی مردندا بوەستێت و لە پێناوی بنیادناندا کۆشش بکات.

شیعری یانزەیەم (تاوە باران). شاعیر لەم دەقە شیعریەدا دەڵێت:
ویستم بمرم تۆ لام نەبووی/ دیوانەکەم دەربەهەنی چەند شیعرێکی
گەنجێتیم بە بخوێنیەوە/.. هەر نەهاتی پاش گیان دەرچوون،
پێخەفەکەم بپێچیەوە/ مردن یادی ئەو ساتانەی بیرخستمەوە/ کە کەیان
و هاوکەکانم بەجێدەهشت/ ویستم بمرم! تۆ دیار نەبووی/ لەوە ترسام
دیوانەکەم/ بکەوێتە بەردەست جەردەو شۆوکوتەکان!/ لەوە ترسام
پەکەکانی/ ببنە لوولەی گوللەبارانی دەست منداڵان.
ئەم دەقە وێنەی کەستێک بەرجەستە دەکات کە دەیەوێت بمرێت، بەڵام چاوەڕوانی ئەوی کەسی دووەم یان یار دەکات، هەتا لەبری یاسین خوێندن دیوانەکەی دەربەهەنێت و چەند شیعرێکی گەنجێتی خەیی بە بخوێنیتەوە، بەڵام ئەو هەر نایەت، تا لە کاتی مردنیدا لەوە بێت و لەپاش مردنی پێخەفەکەی بپێچیتەوە. ئەم لەسەر مەرگدا ئەو کاتانەی بیردەکەوێتەوە کە کەیان و هاوکەکانی بەجێهەشتووە. دیارە لە مردندا ئەوان و هەموو شتێک بە هەتاهەتایی بەجێدەهێڵێت، بە تایبەتی دیوانەکەی. لەوەش دەترسێت دیوانەکەی بکەوێتە دەستی کەسانێک کە بەهاکەی نەزانن، ئەم دەیەوێت پاش مردنی، ئەو بێت بە ئومێدی دیوانەکەی کە وەکو بوون و مێژووی ئەمە وایە رزگار بکات. واتە ئەم پێیوایە تاکە شتێکی بەهادار کە لەی بەجێبمێنێت دیوانەکەیەتی، کە دەشێت دوای مردنیشی ناوی ئەم بە زیندووی بپارێزێت و بیهەڵێتەوە. کەواتە لێرەدا لە ئاستی نەبینراودا ئەو دڵلاێتە بەرهەم دێت کە سەرباری ئەوەی فەزای مردن فەزایەکی بەادەستە لە ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرەدا، بەڵام هەشتا ویستی ژیان و مانەوەی ناو و ناوبانگی بە زیندوویی بە ئاشکرا دەبینرێت. هەروەک لێرەدا دەردەکەوێت کە لە روانگەی ئەمەوە شیعر نەک هەر بایەخ و گرنگیەکی زۆری هەیە، بەڵکو خاسیەتی پیرۆزیشی هەیەو دەشێت بخرێتە شوێنی سورەتێکی یاسین کە سورەتێکی قورئانەو پێش گیان دەرچوون لە بری یاسین خوێندن شیعر بە مرۆڤ بخوێندرێتەوە.

شیعری دوانزەیەم بۆ ناونیشانی(تاعوون)ە.شاعیر لەم دەقە شیعریەدا دەڵێت:

خەم سەرای پاییزەکی نەسرەوتووە!/ لەشی منیش،/ قەدی پیری درەختیکی پەککەوتووە!/ ئۆگرم شاوەک قەسیدەیەک بۆ غوربەت و/ عومری وشکم نەخوێنمەوە../ تەوری پاییز دەتە وەزم!/.. ئەو ئازارە پیری کردم!/ ئەستا وەکو مامە پیرەی گەچان بەدەست / سارای چەڵی تەمەن دەبەم / ئەستا دونەم دەخنکێنم / شاوان درەنگ../ وەکو مشکی تاعووناوی ژوورەکی چۆڵ / ژەنگی شیشی پەنجەرەکەم دەکەوێنم / لەم دیوەوە،/ دەرگای ژوورم کلەمداوە / حەزناکەم بمێت!/ ئا لەم ژوورە کۆنەمدا،/ چی شک دەبەم بەختیارتکات؟!

ناونیشانی ئەم دەقە "تاعوون"، راستەوخۆ هەڵگری مانای مردن و لەناوچوون و وەرانبوونە. ناونیشانی ئەم دەقەو پێکهاتەی دەقەکە پێکەوە کۆشک دروست دەکەن تیایدا لاوازی و ناکارایی ئەوی قسەکەری دەقەکە بەرهەمدەت. لەم دەقەدا قسەکەر خۆی دەچوێنێت بە قەدی درەختێکی پیرو پەککەوتەو خەمیش دەچوێنێت بە سەرمایەکی هارو هاجی پایز. ئەم خۆی بە درەختێکی پیر ناودەبات کە لەبەر ڕەحمەتی دەمی تەوردایە، بەڵام تەوری پایز. لەڕەدا یەک هەز هەیە بیپارێزێت ئەویش هەزی شیعرە. ئازار ئەمی پیرکردووەو بە سارای تەمەندا بە یارمەتی گەچان دەجوڵێت و خەریکی سینەوەی ڕابردووی خەیەتی. ڕەنگە ئەو پرسیارە سەرهەڵبدات: ئایا بۆچی ئەو ڕابردووی خۆی دەسڕێتەوە؟ ئایا ڕابردوویەکی ناشیرینەو دەیەوێت خۆیی لە پاک بکاتەوە، یان ڕابردوویەکی پڕ لە خەم و ناسەرەو نایەوێت لە ئەستادا هیچ کاریگەرییەکی لە بوونی ئەمدا هەبێت؟ بەڵام لە ڕاستیدا ڕابردووی هەرکەسێک و هەر کەمەگایەک ئاوێنەی بوونی ئەو کەسە، یان ئەو کەمەگاییەو سینەوەی کارەکی ئاسان نییە. ئەو جارەکی تر خۆی دەچوێنێت بە مشکێکی تاعوناوی کە لە ژوورەکی چۆڵدا ژەنگی پەنجەرەکان دەکێنێتەوە. ئاشکرایە کە مشک هەڵگری تاعوونەو داواش لەو دەکات کە نەیێت، کەواتە دەشێت وای لێکبدێنەوە سەرباری ئەو بارە ناهەمواری خەیی تێدایە، ئەم نەیەوێت ئەو بێت بە ئەوەی تووشی تاعوون نەبێت. بەڵام ئەم لەپاڵ ئەوشدا پاساوەکی تر دەهێنێتەوە بۆ حەزنەکردنی لە هاتنی ئەو، ئەویش ئەوەیە کە هەست دەکات هیچ شتێکی نییە ئەوی پێ بەختەوەر بکات، هەربۆیە حەزناکات ئەو بێت و لەبەرئەوەش دەرگای ژوورەکەی کەم دەدات، کە بە ژوورەکی کۆنە ناوی دەبات. زاراوەکانی تاعوون و خەم و نەسرەوت و پیری و پەککەوتن و غوربەت و ئازار و ساراو چۆڵ و خنکاندن و ژەنگ و دەاو و کێن و زەرد وبەداری و کۆن..کۆشک دروست دەکەن کە کۆشی ماتەم و

مرگەساتە، کەشکە تیایدا هیچ ئاماژەیەکی ژیان نابینرێت. هەرچەندە کاتە ئەم حەزناکات ئەو بڕیارە ئەگەر پاساوەکەی بە تووش نەبوونی تاعوون بێت، یان لەبەر ئەوە بێت کە هیچی نییە ئەو بڕیارە بکات، مانای وایە ئەم هەشتا دەیەوێت ئەو بژی. کەواتە هەشتا تروسکەیەک بە مانەوە پێویستبوون بە ژیانەوە ماوە. هەروەک دەشێت ئەم لەم بارە شلەژ و ترسناکەدا حەزنەکات ئەو بڕیارە، واتە نایەوێت لەو بارودۆخەدا ئەو بیببینێت، بۆیە دەرگای ئەو ژوورە تاریک و چۆڵە لە ژوورەوە دادەخات بە ئەوەی ئەو لەو بارە شکست و داماوەدا نەبینێت.

شیعری سیانزەیەم (زەمار)ە. لەم دەقەدا هاتووە:
ئەوە دەمە زەردو کزە !/ ئەوە دەمە، لە میان جووتە سێی پە دووکە!/ کە ئەوەندەی دڵی تەنگی ئەم شاعیرە / خوێنی عومری پە حەسرەت و/ غەریبەتی تە رژاوە!؟ پەردەی ژووری چ تەنهایەک / ئەوان پڕەی دڵی ڕەشەو،/ شەوان هەتا دەمەو شەفەق نەسرەوتوە../ بادەم سەمای ڕەشباوە؟!/ تاوەکی تر ئەم گەردانە / ئەختەبووتی مەینەتییە / لە گەردنی کەشتی عومری من ئاڵاوە / تاوەکی تر پارچە تەختەی جەستەی ڕزیو / لە کەناری لماوی دا لەنگەر دەگرن / ..گڕستانم با دەریا بە!/ کاتێک دەمرم، تە محەمەد!/ فڕەمدەرە ناو دەریاوە / با زیماری مەرگی خەمم گوێ لە نەبێ/.
ئەم شیعرە پێشکەش کراوە بە شاعیری غوربەت و پایز محەمەد عومەر عوسمان. ئەم دەقە وێناکردنێکی وردو جوانی ئەم شاعیرەیە بە هەمان زمانی شیعری ئەو. دەقەکە باسی ئازارو خەم و نیگەرانییەکانی خەی دەکات و ئاوەش بە ئەو شاعیرە باس دەکات کە بەجگە لە هاوڕێیەتی، نزیکی ئاشکرا لە نەوان جیهانبینی شیعری هەردووکیاندا هەیە. لەم دەقەدا دەردەکەوێت ئەمی قسەکەری شیعرەکە کە دەشێت بڵێین شاعیر خۆیەتی نیگەرانە، ئاوەش دەرئەنجامی هەست بە نامۆییکردنی ئەوە لە بوون، لە ژیان، لە یاساکانی گەردوون کە ئەو بە ناجەر دەیانبینێت. هەروەک لەپاڵ باسکردنی خەمەکانی خۆیدا، شاعیر باسی خەماکانی ئەوی هاوڕێ شاعیرەکەی دەکات و پێیوایە لەم گەردوونەدا کەس بە ئەندازەی ئەو تەنهاو نیگەران دە پێ لە کەسەر نەژیاوە و کەس بە ئەندازەی ئەو حەسرەتی هەناسەکەشاوە. هەروەک شاعیر ئەم ژیانە وەکو گەردانەک باس دەکات و تەمەنی خۆیشی وەکو کەشتیەک باس دەکات بادەم شەپۆلی سەختی گەردانەوە پارچە پارچە دەبێت و پاشانیش ماسیگری تەنهای ڕۆخ پارچەکانی جەستەی دەسوتێنێت. ئەم داوا لە هاوڕێ شاعیرەکەی دەکات، کاتێ ئەم بەمجۆرە بە گەردانو دەمرێت و پشبینی دەکات لە کەناری دەریادا پارچەکانی جەستەی بسوتێنرێن، هەست بە نیگەرانی دەکات،

بۆیە داوا لەوی هاوڕێی دکات ڕێگا بدەن نەدات و تەنانەت پێیشی دەڵێت نایەوێت لە گەستانی ئاسایدا بنێژرێت، بەڵکو دەیەوێت ئەو فڕێی بداتە ناو دەریاوە بۆ ئەوەی بۆ یەکجاری ون ببێت و گوێی لەوە نەبێت لە پرسەکەیدا چەن شینی بۆ دەکرێت و چی لێبارێیەوە دەگوترێت. ئەو دەیەوێت لە ناو دەریادا ون بێت و لەوانی تر جیابێتەوە و تەنانەت لە گەستانی ئەوانیشدا نانێژرێت، کە ئەمەش بانگەشەکردنە بۆ تەنیایی هەتاهەتایی و بۆ بیرچوونەوەی کات و شوێن و هەموو شتێک و ئەوەش وەکو دوا جیابوونەوە وەسف دکات، واتە جیابوونەوەی هەتا هەتایی. بەگومان کەشی ئەم دەقە شیعرییەش وەکو زۆربەی دەقەکانی تری ئەم دیوانە کەشی مردن و لەناوچوون و کۆتاییهاتنی هەتا هەتاییە.

شیعری چواردێم بە ناونیشانی(ئەوارە تابوتێک)ە. ئەم ناونیشانە ڕاستەوخۆ ئەوە دەگەیەنێت کە کەسێک مردووە و دەمی ئەوارە خراوەتە ناو تابوتێکەوە و بۆڕە دوا ئارامگای بۆڕە دەکرێت. ئاشکرایە تابوت و مردن دوو وشەی پێکەوەبەستراون و هەردووکیشیان ئاماژەن بە کۆتاییهاتنی ژیان. ئەم دەقە شیعرییە وێنای کەسێک دکات کە زەمەن هەر بە گەنجی پیری کردووە و پێش ئەوەی بگاتە هیچ ئامانجێکی ژیانی بۆڕە کۆتایی دێێت. ئەو هەست بە خەم و نیگەرانیەکی زۆر دکات چونکە زەمەن پیری کردووە و هەست دکات ئەم لە هەموو هاوڕێانی لاوازترو بە تواناترو ناکاراترە. ئەوەش بووە دەردەبێت کە ئەو لە هەمووان نەخشترە. ئەو خەونی ئەوەی هەبوو بگاتە بۆرزایی، بەڵام لە هەموو لاوە فشاری لەسەربووە. ئایا ئەو بۆچی لە هەموو لایەکەوە فشاری لەسەربووە؟ یان ئایا بە ڕاستی وەکو خەی دێێت ئەو لە هەر چوارلاوە پێستانی لەسەر بووە، یان خەی هەستیکی لەوجۆرەی هەبوو؟ ئەم بە ئومێدی ئەوە بووە بگاتە بۆرزاییەک، کە ئەوەش کاتە دەهاتە دی، کە ئەم قەسیدەکەی تەواو بکردایە، بەڵام ئەو قەسیدەکەی تەواو نەکردووە و بەوەش پێش ئەوەی بگاتە بۆرزاییەک هەڵخزاوە. لێرەدا ئاماژەیەک بە خلێربوونەوەی بۆردی سیزیف هەیە کە ئەوەش دەلالەتی خولانەوە لە بازنەی بەتاڵدا هەڵدەگرێت و مەبەست بەهودەیی ژیان و ناکارایی مرۆڤ و بە واتایی هەموو ئەوەیە کە دەیکات. ئەم لەکاتێکدا ئومێدی گەیشتن بە بۆرزی هەیە، مردن دێت و ڕاپێچی دکات. دوا ئاواتی ئەوەیە کاتە دەخرێتە تابووتەوە، خەکی لەبەر دۆرگاکانیانەوە بیبینن کە بەسەر شانی چەند کەسێکەوەیە و لە ئاستێکی بۆرزتردایە لەوان. بە بەدیهاتنی ئەو ئامانجە، داوا لە ئەوانی تر دکات کە کاتە لەناو تابوتدایە و بەسەر شانی چوار کەسەوەیە، دۆرگاکانیان بکەنەوە و سەرنجێکی لە بدەن، بە ئەوەی ئەم هەر هیچ نەبێت لە مردنداو لەسەر شانی ئەوانی ترەوە، هەست بکات کە

لە بەرزایدایە. ئەو دەڵێت:
ئەم زەمانە هەر بە گەنجی / گەچانی پیرێتی خەمی دایە دەستم / چەن
وەزیی کەتم نەکا،/ ئەستا لە نەو هاوەڵانداە،/ لە هەموویان
نەخەشتەرم!/ لەوەتەی بووم، من هەر ماندووم!/ لە چوارلاوە
دەپەستەورەم!/ قەسیدەکەم تەواو نەبووە،/ نەگەیشتووم(
بەرز)یەکیش،/ وا خەریکە هەڵدەخزەم!/.. ئەوارەیەک دەرگاکانتان
بکەنەوە!/ راکشاوی نەو تابووتی سەر چوار شانم!/ سەیرم بکەن!/ هیچ
نەبە با بە مردوویەیم/ هەست بکەم وام بە بەرزایی دوو مەترەوە!!.
ئایا بەچی ئەم کەسێتیە خەونی ئەوەی هەیە کە هەر هیچ نەبێت ئەگەر
لەناو تابوتەکەیشیدا خەڵک بیبینن بەسەر شانی چەند کەسکەوەیەو،
شوێنەکەی لەوان بەرزترە، دەخەش دەبێت؟ بەگومان ئەم دەربەینە لە
ئاستی نەبینراودا ئەوە دەگەیەنێت کە مرۆڤ سەرباری بە ئومێدی و
سەرباری بە باکی لە ژیان و سەرباری چاوەڕوانکردنی مردن، بەڵام
هەرگیز ناتوانێت دەستبەرداری هەموو خواست و ئارەزووە غەریزەیی و
وەرگیراوەکانی بێت. سەیرکردنی خە و خەبینین لە ئاستەکی بەزتر
لەچاو ئەوانی تردا، بوونی خواستی دەسەڵات و هەژموونکردن بەسەر
ئەوانی تردا نیشان دەدات. واتە ئەم سەرباری ئەوەی کە دەزانێت
دەمرێت، بەڵام هەشتا خواست و ویستی دەسەڵاتی هەیەو دەیەوێت
تەنانەت ئەگەر بە مردوویش بێت خەی لە پگەیەکی بەرزتر لەوانی تر
ببینێت. بینینی خەی تەنانەت بە مردوویش لە پیگەیەکی بەرزتر لەجاو
ئەوانی تردا. بەجەرگ ئاسودەو دەخەشی دەکات.

شیعری پانزەیەم (ئەوارە ئاوابوونەک)ە. لەم دەقەدا هاتووە:
هەر ساتەک بە من دەکەوم!/ کەستی عومری خەم بینیوە،/ ئەوارەیەک
بەم گەنجیە ئاوا دەبم!/ بەم گەنجیە کەستی عومری خەمم بینی!/
ئەوەە لە تە، سبەینەش لە دایک و باوک / خوشک و برا، جیا دەبمەوە
/ پاشی ئەوەی زەمەنم مرد!/ شیعرەکانم بدرە دەست کچی پاییز/ با
بزانێ (ئاراس) ەک بوو / ئەوەندەی ئەو تەنهاو رەنگ زەرد/.
ئاوابوون وەکو ناونیشان دەلالەتی مردن هەڵدەگرێت، واتە ئەم دەقە
باسی مردن دەکات، هەڵبەت مردنی ئەوی قسەکەری دەقەکە. هەر خەیشی
لەبارەی مردنی خەیەوە دەدوێت، واتە لە رەگای گەانەوە. ئەم
کەسەتە ئەوە دەگەیتەوە کە چەن پەشبینی کەوتن و مردنی خەیی
کردووە، یان دروستتر بڵێین ئەوە دەگەەتەوە کە چەن بەگەنجی مردنی
خەیی بینیووەو لە ئەستاشەوە لە ئەو و لە کەسێ نزیکەکانی تری
جیادەبێتەوەو ماەئاوایی لەو دنیایە دەکات. ئەم لە ئەستادا داوا
لە ئەو دەکات کە دوای مردنی، شیعرەکانی بداتە دەستی کچی پایز،
چونکە خەی رەنگ زەرد نیشان دەدات هەمان شەوەی پایز. ئەم بە دوای

ناودا ناگ[illegible]ت، ب[illegible]کو وادەردەکەوێت کە حەزنەکات ببێتە جێگای سەرنج و بایەخی خەڵکی. هەربۆیە دەترسێت پاش مردنی ببێتە شاعیرێکی گەورەو خەڵکی خەم و حەسرەتەکانی کەبکەنەوە.
شیعری شانزەیەم بە ناونیشانی(ڤەهە[illegible]). ئەم لە ئێستادا وەستاوەو دەوانێتە سەیرنە، بەڵام بە هیواوە نا بەڵکو بە نیگەرانیەوە دەوانێت، چونکە دنیایە کە سەیرنەیشی لە ئەمرۆ و دوێنێی باشتر نابێت. ئەمڕۆ دوو دڵ و نیگەرانە، چونکە بە سەیرنە چاوەڕوانی خەم و کێست و کارەسات دەکات. دوێنێیشی کە سەردەمی گەنجێتی بوو، ئەم تیایدا ناکاراو بێ توانا بوو، تەنانەت ساتێکی رابردووی خۆی بیرناکەوێتەوە کە تیایدا کارێکی کردبێت یان ڕەخنەکی بینیبێت. واتە ئەم نە لە رابردووداو نە ئێستاش نەبووەتە بکەرێکی ڕووداو دروستکەر، بەڵکو هەمیشە ئەم کاری لەسەر کراوە. هەبێت ئەم بە داهاتوویش تەنیا چاوەڕوانی پیری دەکات، کە پیریش قۆناغی ناکارایی و گۆشەگیریی و هەنگاونانە بەرەو کۆتایی. ئەو دەڵێت:
سەیرنەش دێ، دێ لە دەرگای ژوورم دەدا/ من چیم هەیە چاوەڕێی کەم/ جگە لە خەم، کێست، کارەسات/ من بێ گەنجیش دەنگەکانم باش نادەبیست/ من بێ گەنجیش شتەکانم باش نەئەدی/ نووسینی سەر تەختەی ڕەشم، بێ چاویلکە ئەخوێندەوە/..هەمیشە هەر کەنەفتی ژێر لێفەی شێ بووم!/ هەمیشە هەر چاوەڕوانی، کارەساتی جەرگ بڕ بووم!/ ڤەهەی نەو زەمەنکم هەر بێ گەنجی دەمی شکاند/ ڤەهەی نەو زەمەنکم هەر بێ گەنجی/ تەوی کەساسیم تیا وەشاند!/ خەونم دیوە، خەونی ناخۆش! کەم هەیە بۆی بگەڕمەوە؟!/ ئای ئەوەکە چەند دوو دڵم!/ ئای خوایە چەند لە سەیرنەی خەم ئەترسم!!/ سەیرنەش دێ/ لە پیریی زەتر چیم هەیە چاوەڕێی کەم!
ئەم هەر لە بنەڕەتەوە خەی بە خەم و ئازارو بەدبەختی ئامادە کردووە. هەکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە رابردووی تروسکەیەک، ئاسەیەک، هیوایەک، خۆشیەکی تێدا نەبووە. هەربۆیە چاوەڕوانی ئەوە ناکات نە ئێستاو نە لە ئایندەشدا لەم بارە ناهەموارە ڕزگاری بێت. ئەم باسی ئەوە دەکات کە بە گەنجی لە رووی فیسیۆلۆجیەوە کەموکورتی هەبووە. ئەم لە گەنجیدا نە دەنگەکانی بە باشی بیستووە، نە شتەکانی بە باشی بینیووە، بەردەوامیش چاوەڕوانی کارەسات بووە. ئەم وێنای خۆی وادەکات کە لەگەڵ لە دایکبوونیدا بەدبەختی و چارەڕەشی و بەکەسی لێدایکبوون. وایشی بە دەچێت ئەم لە چارەنووسی نووسراوە هەموو ژیانی بەم جۆرە بەسەر ببات و ئەو بڕوونەی لا دروستبووە کە قەدەری ئەم بەمجۆرەیە. لەڕەدا ئەم دەقە کەسێتیەکی نەرێنی و ناکاراو ڕوو لە بەهودەیی و پشت لە هیواو ژیان بڕجەستە دەکات. سەرجەمی ڕەگەزەکانی بەرهەمهێنانی شیعریەتی ئەم دەقە فەزای

بەهودەیی و مەرگەسات دروست دەکەن. فەزایەکی تیایدا رابردووی گەنجێتی خەم و ژان و کەسەر بووە، ئێستاش ژیانی خەمی زیاتر و بەدبەختی و تفت و تاڵی خراپترە، داهاتووشی کە پیریيە بریتی دەبیت لە ناکارایی و ئازارو ژان و هەمان دەشکاندنی رابردوو. ئێستا فەزای گشتی ئەم دەقە فەزایەکی ماتەم و ئامادەکراوە بۆ رووداندی کارەسات، کە ئاوێش کارەساتی مردن و کۆتاییهاتنە.

شیعری حەقدەیەم بۆ ناونیشانی(ئاژەر)ە. شاعیر دەڵێت:
پیر دەبیت و کۆ وەکو تۆ / تەمەنێکی ئاوا مەزن بەسەر دەبات؟!/ پیر دەبیت و کۆ وەکو تۆ / لە زمانی بەفرو زوقمی / بەیانیانی زستانی تووش!/ گەرمای چلەی / دەزگەخی هاوین تیدەگات / پیر دەبیت و سیەکانت/ رەشی و تەنیی لە دەنیشێ!/ قاچ ورد دەبێ! دەست دەپەڕێ!/ چاو کوێر دەبێ! گوێ کەڕ دەبێ!/ بەڵام هێشتا لەناو خوێنتا/ ملیۆنەها دەست و قاچ هەن/ پشتی ماشێن بدەن لە عەرد!/ ملیۆنەها چاو و گوێ هەن/ تاریکایی کارگە راونەن./ گوێ رادێرن بۆ گەرانی پاشەژی ئینسانی مەرد!/ بەیانیانێ کە ئاژیر دێ / پێش وەی بۆ کارگەکەت بکشێ،/ چەند ماچێکی قووڵ و گەرم،/ لەسەر لێوی جێ دەهێڵی!/ چاو هەڵدەبڕە../ بنوو جەرگم!/ وا ئاژیر هات / بەرەو کارگە بانگم دەکات!/.. ئەوارانیش جەرگەکەی تۆ/ لەبەر دەرگا / چاوەڕوانی هەڵهاتنی / باڵای ئارەقاویت دەکا./
ئەم دەقە گەڕانەوەی دوو ساتی کورتی ژیانی کرێکارێکی کارگەیە. یەکەمیان ئەو ساتەی بەیانی کە دەنگی ئاژیری کارگە دێت، ئەم بە ماچی خۆشەویستی منداڵەکەی بەجێدەهێڵێت و دەڕوات بۆ سەر کار. دووەمیان ئەو ساتەیە کە لەکار دەگەڕێتەوەو منداڵەکەی لەبەر دەرگا چاوەڕوانی دەکات و بەرەو پیری باوکی دەچێت و خەڵدەداتە باوەشی. لە پاڵ ئەم دوو ساتە هەستیارە لە ژیانی هەر رۆژێکی کرێکارێکی کارگەدا وەسفیکی ئەو کارە دەکات کە ئاوی کرێکار وەکو نموونەی چینێکی کۆمەڵایەتی گرنگ ژیانی خەیان لە پەناوی بەدەستهێنانی پاروی رۆژانەی خەیان و خەزانەکانیاندا دەفرۆشن تا پیردەبن و توانای کاریان نامێنێت. ئەم دەقە ناڕاستەوخۆ باسی ئەو سیستەمەی کاری سەرمایەداری دەکات کە چۆن هەمان شێوەی ئامێرو ئامرازەکان سەیری ئاوی کرێکار دەکات و کەی توانای بەرهەمهێنانی نەما وەکو پارچە ئامێرێکی لەکارکەوتوو سەیری دەکات و فڕێی دەدات. لەپاڵ ئەوەشدا باسی ئەو تەمەنە مەزنە دەکات کە ئاوی کرێکار بە سەربەرزانە بە عەرەقی ناوچاوانی بژێویی ژیانی خەیی و خەزانەکەی بەدەستدەهێنێت. هەروەها باسی ئەوە دەکات کە سەرباری ئاوی ماشێنە نوێیەکانی بەرهەمهێنان و قورسی کاری رۆژانە دەبنە هۆی تێکشکاندنی

جەستەی ئەوی کڕیکار. بەڵام هەشتا ماناو گەوهەری قوڵی مرۆیی ئەوی کڕیکار لە پەناوی پارێزگاریکردن لە مانای ژیانی راستەقینەو لە پەناوی پاراستنی کەرامەتی مرۆڤایەتی مرۆڤی رەنجدەرو بەرهەمهێندا هەموو رۆژێ زیاتر پتەوو بەهێز دەبن بە ڕاگرتنی شکۆی راستەقینەی مرۆڤی کارکەرو بەرهەمهێن.

شیعری هەژدەیەم بەناونیشانی(حەسرەت)ە، کە ناونیشانی ئەم دەقە بووەتە ناونیشانی ئەم دیوانە شیعریەی ئاراس عەزیز. وشەی "حەسرەت" وەکو پێشتر باسمان کرد بە مانای داخ هەڵکەشان دێت. ئەم دەقە بەرجەستەی ئەو بەچوونە دەکات کە هیچ کەس لەسەر ئەم زەوییە نامێنێتەوەو هەمووان یەک بەدوای یەکدا بەجێی دەهێڵن. ئەوەش هەرچەندە بەشێکە لە یاسای ئەم سروشتەو هارمۆنیای سروشت بەو شێوەیە ڕەکخراوە، بەڵام مردن بە خۆی کارساتکەو هەمیشە مایەی نیگەرانی و ترس و خەم و ئاخ بە هەڵکەشان و داخ خواردنە.
ئەوی قسەکەری دەقەکە لە ڕێگای پێشبینیکردنەوە وەنەی ئەواریەکی مات و پڕ لە نیگەرانی دەخاتەوو، وای بە دەچێت شێوەکی نائاسایی و نووتەک و تار بێت. وەکو ئەوەی مزگەوتیش لەو پێشبینیکردنەدا بێشدار بێت، چونکە هەتا ئەو کاتە دەرگای مزگەوت بە کراوەیی دەمێنێتەوە، وەکو ئەوەی چاوەڕوانی میوانێک بکات، ئەو میوانەش بگومان تەرمەکە. بەڵام ئەوی قسەکەر خولیای ئەوەیە بزانێت ئەوە کێیە ئەمشەو دەمرێت. سەر ئەنجام دەکەوێتە گومان و ترسەوە لەوەی کە ڕەنگە ئەو تەرمەی مزگەوت چاوەڕوانی دەکات ئەم بێت. ئەوتا دەڵێت:

من لەرەوە چەند مەراقم/ ئاخە کە بە ئەمشەو دەمرێ؟!/ ئەگەر ئەمشەو من نەمردم/ دوا قەسیدەی (حەسرەت)ی خەم دەنووسمەوە./
ئەم سەرباری ئەوەی دەترسێت ئەوەی ئەمشەو دەمرێت خۆی بێت، مەرجەک بە خۆی دادەنێت کە ئەگەر ئەمشەو نەمرێت ئەوا دوابەش یان دوا قەسیدەی حەسرەتی خۆی دەنووسێت، کە ئەوەش وەکو خوێندنی یاسینی خۆی پێشکەش دەکات، واتە دوا بەشی حەسرەت لە پێش مەرگیدا دەنووسێت. ئەمەش لە ئاستێکدا ئەوە نیشان دەدات کە خوێندنی سورەتی یاسین لە سەر مەرگدا چەند گرنگە بە کەسی بەوادار، نووسینی دوا شیعر بە ئەوی شاعیر ئەوەندە گرنگە. لەرەوە پەگەو بەهای شیعر بەرز نیشان دەدرێت وەکو پەگەو بەهای ئایەتێکی قورئان کە چەند گرنگە بە بەواداران. شاعیر دەڵێت:
من هەرچیم ویست نەهاتە دی/ هەرچیشم دی ویستم نەبوو!/ هەر بە گەنجی خۆشویستم لە من هەڵات/ ئاخ! گەر ئەمشەو نەمردمایە.../ دوا

قەسیدەی (حەسرەت)ی خەم دەنووسیەوە/ کە دەزانە سبەی زەمان بە کۆم دەبات/ تاکو زیاتر بە ساڕا چم/ شیعرم زەتر خەمگین دەبە!/ ئەگەر یەکە رەژەکانی ئاوا بەوات/ ئەگەر یەکە کەستی ئاوا کەتی بکات/ کە دەتوانە روو لە ماڵی و دڵی بکات؟! بەڵە ئاخر من چیم داوە بە ئاڵەزی زەمانەوە/ ئەوە، سبەی هەر شتە بە./ رەژگار بە من هەر نەهاتە!!./

ئەمی قسەکەری دەقەکە لە دەستپەکدا وایشیان دەدات کە نازانەت کە دەمرەت، بەڵام دواتر لە رەگای دەربڕینەکانیەوە تێدەگەین کە پەشبینی مردنی خڵی دەکات لەم شەوەدا. دەشە باس نەکردنی راستەخڵی مردنی خڵی لە راستیدا بە دوورخستنەوەی مردن و مەترسی مردن بەت لە خڵی. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە سەرباری ئەوەی بابەتی مەرگ رەگەزەکی تەواو باڵادەستە لە ئەزموونی شیعریی ئەم شاعیرەدا، بەڵام ئەم ناخوازیت بمرەت، بەڵکو ئەوە مردنە بە لە دەرگادان و بی مەڵەت وەرگرتن دەرگا لەم دەگرەت.

ئەم دەزانەت ئەمشەو کەسەک دەمرەت و گومانیشی هەیە کە ئەو کەسە خڵی بەت، بەیە نزا دەکات کە ئەمشەو هیچ کەس نەمرەت، دەنگی گریان و شین و لاواندنەوە لە هیچ ماڵەکەوە بەرز نەبەتەوە. ئەمەش بە پلەی یەکەم نزاکردنە بە ئەوەی خڵی نەمرەت، بە پلەی دووەمیش ئەگەر ئەو کەسەی پەشبینی دەکرەت بمرەت، خڵی نەبەت، دیسان نزادەکات هیچ کەسی تریش نامرەت بە ئەوەی ئەم بتوانەت دوا قەسیدەی "حەسرەت"ی خڵی بنووستەوە. لەپاڵ ئەم نزاکردنەدا ئەم باسی رابردووی خڵی دەکات، کە چەن خەشەویستیی بەجەهشتووەو چەن شیعرەکانی خوازیاری ئەوە بوون بەرز ببنەوە، یان بگەنە ئاستی نەمری. لەگەڵ ئەمانەدا ئەو ئاواتەخوازی مانەویە، بەڵام هەر خەیشی وەڵامی ئەو خواست و ویستەی خڵی دەداتەوەو دەڵەت کەسەک ئەم رابردووەو ئەم ئستایەی هەبەت هەمیشە بە ئەو هەر نەهاتە، واتە مانەوەش گرنگی و بەهایەکی ئەوتەی نییە. ئەم باسی ئەوە دەکات ئەگەر کەسەک رەژەکانی بە شەویەکی ناخەش و پە لە نیگەرانی و بەدبەختی بەوات و هەموو ژیانی ناسەر بەت، ئەستەمە کەس لە دەرگای دڵی بدات. واتە لەرەدا هەکاری سەرەکی ئەم هەموو حەسرەت و داخڵی ئەم دەردەکەوەت کە پەیوەندی بە رابردووی ناجەرو پە لە کەشەو گرفت و بەدبەختیەوە هەیە. رەژگار بەهەر شەوەیەک بەوات بە ئەم هەمان شتەو ئاشکراشە کەتایەکەی مردنە.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنەت سەرباری ئەوەی کە مردن ئامادەبوونەکی هەمیشەیی و بەردەوامی هەیە لە ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرەدا، بەڵام واپەدەچەت پاڵنەری بەرهەمهەنانی ئەم بەچوونەو

باڵادەستبوونی فەزای مردن لەوەوە هەندێقوڵت کە لایەنگری و خواست و ئارەزوو بێت بۆ مردن، بەڵکو لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ترس لە مردن و هەڕەشەی مردن لە لایەک، ڕەگری لە بەردەم ئاسودەیی مرۆڤدا، لە لایەکی تریشەوە، هەڕەشەی مردن وادەکات مرۆڤ هەمیشە لە چاوەڕوانییەکی ترسناکدا بێت و ئەوەش بەربەست بێت لەبەردەم دروستکردنی ڕووداوی گرنگداو هەمیشە مرۆڤ بۆ ئاستێک لاواز نیشان بدات و بخاتە ووە کە بۆ تواناو ناکارابێت بۆ ئەنجامدانی کاری گەورەو هەڕەهێنانی هەنگاوی گرنگ.
